**پرۆسەی هەڵبژاردن لە کاتژمێری (٧,٠٠)ی سەرلەبەیانی رۆژی یەکشەممە ریککەوتی ٢٠٠٥/١/٣٠ دەستی پێکردو، دیارە خەڵکێکی زۆر بەشداری لەو پرۆسەیە دەکات و میکانیزمی هەڵبژاردنەکان زۆر رێکوپێک و پێشکەوتوو و شارستانیانە دانراوەو لەڕووی کامەندو پێداویستییەکانیش هەمووی بەچاکی دەستەبەرکراوەو، لایەنی پاراستن و ئەمنییەتیش زۆر گونجاو و بەتەواوەتی و باشی ئامادەکراوە، ئەوەی رەچاودەکرێت پرۆسەکە زۆر بەباشی و بێ گیروگرفت و کێشە بەڕێوەدەچێت و خەڵکی بەگشتی دەنگ بۆ هەردوو لیستی هاوپەیمانیی کورستان بۆ پەرلەمانی عێراق و لیستی نیشتمانیی دیموکراتی کوردستان بۆ پەرلەمانی کوردستان دەدەن و دیارە لەسەر ئاستی پاریزگاش زیاتر دەنگ بۆ لیستی ژمارە (٢٩٢) دەدەن، کە لیستی هەڵبژێردراوی پارتی دیموکراتی کوردستانە، جا بۆ ئەم مەبەستە رای خەڵکێکی زۆرمان لەبنکەکانی دەنگدان لەمبارەیەوە وەرگرت:-**

**ریپۆرتاژ: نامق - سلێمان، هەولێر**

**فاتم قادر عوسمان:** لەبەر ئەوە دێمە هەڵبژاردن و دەنگ دەدەم بە کورد بۆ ئەوەی کورد سەرکەوێت.
**سەید سەعید سەید کەریم:** دەنگدان بە ئەرکێکی پیرۆز دەزانم تاکو وڵاتم ئاوەدان بێت.
**مەحیەدین عومەر عەبدولڕەحیم:** بۆ خۆشگوزەرانی نەتەوەکەم دەنگ دەدەم.
**عوسمان خدر:** تاکو کورد سەرکەوێت دەنگ دەدەم.
**حاجی موشیر عەبدوڵلا:** دەنگ دەدەم بە وڵاتی شیرینم کوردستان.
**مام حەسەن:** تاکو میللەتی کورد سەرکەوێت و سەربڵندبێت دەنگ دەدەم.
**حاجی کانەبی:** هاندەری یانەی هەولێر، هەر لە ساڵی ١٩٦١وە چاوەڕێی ئەم رۆژە پیرۆزە دەکەم کە گەلی کورد بە ئازادی دەنگ بدات. هیوادارم کورد ماڵی خۆی یەکخات و گەلەکەمان لەبیر نەکەن.
**عومەر سەعد کۆیی:** بە درێژایی تەمەنم کە نزیکەی (٨٠) ساڵە ئەمڕۆکە خۆشترین رۆژی ژیانمە کە کورد بە ئازادی دەنگ دەدات و سەرکەوتن بۆ کوردە و کەرکوکیش دێتەوە باوەش و سەر ئیدارەی حکومەتی هەرێمی کوردستان.
**فوئاد مامەند تەها- کەمئەندام:** هاتنم بۆ هەڵبژاردن ئەرکێکی نیشتمانییەو دەنگ دەدەم بۆ ئەوەی کورد کورسی زیاتری لە پەرلەمانی عێراقدا هەبێت ڕێژەیان بزانرێت.
**سلێمان عەلی حوسەین:** مەلای مزگەوت، تەمەنم نزیکەی ٧٠ ساڵەو، خۆشحاڵم هێشتا تەمەنم ماوەو، دەمەوێت دەنگ بدەم بۆ کورد و پارتی دیموکراتی کوردستان.
**حاجی موحسین:** هەرچەندە زۆر نەخۆشم، بەڵام هەر دەچمە دەنگدان و بە ئەرکی سەرشانی خۆمی دەزانم.
**حاجی نوری:** بەو نەخۆشییەوە هاتیمە هەڵبژاردن و دەنگدان لەبەر خاتری نەتەوەی خۆم کورد.
**سادق سەلیم:** لە هەموو تەمەنی خۆم ئاواتەخواز بووم رۆژێک کورد پێویستی بە دەنگی من هەبێت و منیش دەنگ بدەمە کورد سەرکەوێت.
بەهیە کەریم: لەو هەڵژاردنەدا دەنگم بۆ کوردی دا.
**عاسیمە موشیر عەزۆ: بەڕێوەبەری وێستگە**، خەڵک بەشێوازێکی زۆر باش بەشداری هەڵبژاردن دەکات و هیچ کێشەو گرفتێکی یاسایی و ئەمنی لێرە نەبووەو خەڵکیش بە گشتی دەنگ بە لیستی پەرلەمانی عێراق و کوردستان دەدەن و لەئەنجومەنی پارێزگاشدا زۆربەی دەنگەکان بۆ لیستی ژمارە ٢٩٢ دەدرێن، کە لیستی هەڵبژێردراوی پارتی دیموکراتی کوردستانە.

**حاجی عادل حەماوی:** لەم هەڵبژاردنەو دەنگدانەدا سەری کوردو کوردستان بڵند دەکەین و دەنگمان چەند زۆر بێت زیاتر کورسیمان بەردەکەوێت، جا بۆ دەنگ نەدەم کە دەنگدان لەبەرژەوەندی گەلی کورددا بێت.

**عەزیز جومعە، بەرپرسی وێستگەی ٢:** گەلی کورد بەشێوازێکی جوان و شارستانیانە بەشداری پرۆسەکەیان کرد و لەم بنکەیەدا هیچ گیروگرفت و کەموکورییەکمان نەبووە لەو بڕوایەدا نەبووین خەڵکی بەو جۆرە بەشداری بکەن ئەم ئازادییە بەرهەمی خەباتی کورد و خوێنی شەهیدانە، بۆیە لەم ڕۆژەدا یادیان بەرز رادەگرین و بەڵێن دەدەین لەخزمەتی گەلی کورددا بین.

**شوان عەزیز: نوێنەری پارتی دیموکراتی کوردستان لە بنکەی ٢٠٧ و ٢٠٨ و ٢٠٩ و ٢١٠ و ٢١١:** ئێمە هیچ گیروگرفتێکمان نییە، ئەو گلەیی و گازندەی برادەرانی (ی.ن.ک) و (یەکگرتووە) دیارە کە حەق نین، چونکە ئێمە ئاگاداری خەڵکمان کردووە بۆ لیستی دەنگی دیموکراتی کوردستان، بەڵام دواتر بەناوی لیستی پارتی دیموکراتی کوردستانەوە گەڕاوەتەوەو، بۆیە پێویستە ئێمە خەڵکی خۆمان ئاگادار بکەینەوە لەو گۆڕانکارییانە و ئەمەش بە خروقات و کێشە ناژمێردرێت، بگرە ئەوە مافێکی یاسایی خۆمانە کەوا خەڵکی ئاگاداری راستییەکان بکەینەوە.
لەم بنکانەدا لیستی پارتی دیموکراتی کوردستان پێشوازییەکی زۆری لێدەکرێت و دڵنیاشم سەرکەوتن بەدەست دەهێنێ و لەو هەڵبژاردنەدا دەردەچێ.

**ستار سەلیم سلێمان/نوێنەری (ی.ن.ک) لە بنکەکانی تەیراوە:** پرۆسەی هەڵبژاردن زۆر باش بەڕێوەدەچێت، ئەگەرچی لە دەرەوەی بنکەکەدا خەڵکانێک لەوێ هەن پروپاگەندە بۆ لیستێک دەکەن کە مەبەستیانە.

**بەڕێز کوردستان حەسەن حوسێن/بەڕێوەبەری بنکەی ٢١١ لە قوتابخانەی ئامادەیی سەلاحەدینی کچان گوتی:** لێرەدا دیارە کەوا خەڵکانێکی زۆر بەشداری پرۆسەی هەڵبژاردن دەکەن و پرۆسەکە بەبێ کێشەو گرفت بەڕێوەدەچێت و هەتا ئێستاش هیچ سکاڵاو گلەیی نییەو هیچ خروقاتێکیش نەبووە.

**بەڕێز تاریق ئاکرەیی/ لە بنکەی پەیمانگای هونەرە جوانەکانی هەولێر:** لەو بنکەدا ڕێژەی دەنگدەران زۆر بەرچاوەو تا ئێستا هیچ گرفت و خروقاتێک نەبووە و لەڕووی ئاسایشەوە خەڵکی دڵنیایە لە بارودۆخی ئەمنی بنکەکان و ئەوەی دەبینرا زۆرینەی خەڵک لە دەنگدان بە لیستی ژمارە ١٣٠ بە جۆشەوە دەنگیان دەدا، بەرادەیەک خەڵکی وا هەستی دەکرد فەوتانی هەر دەنگێک بۆ ئەو لیستە زیانێکە لە نەتەوەکەمان ئەمە وەک سەرژمێرێکی تەواو بووە بۆ دیاریکردنی ڕێژەی کوردو، خەڵکیش سوورن لەسەر ئەوەی کە هیچ دەنگێکی کورد نەفەوتێت.

محەمەد حاجی حسێن: جێگەی دڵخۆشییە ئەمڕۆکە ئێمەی کورد دەنگ دەدەین بۆ دیاریکردنی پەرلەمانی عێراق و دەستنیشان کردنی دەنگی خۆمان.

**خاتوو نەکەرۆز محەمەد:** پرۆسەکە زۆر بە دیموکراسییانە بەڕێوەدەچێت و بەشداری خەڵکیش بەرێژەیەکی زۆرەو چاوەڕوان دەکرێت لیستە کوردییەکان دەنگی باش بەدەست بهێنن و سوپاسی حکومەتی هەرێم دەکەین کە ئاسایشی ناو بنکەکانیان پاراستووە.

**حوسێن موسلم سالح/ نوێنەی (ی.ن.ک) لە بنکەی ژمارە ٢٠١ وێستگەی ٧:** لەم بنکەیەدا هیچ گرفتێک نییە لە رووی یاساییەوە تەنیا گرفتی ئەوانەمان هەیە نەخوێندەوارن و هەندێکیان ئارمەکان ناناسنەوە.

**عەبدولغەفار عومەر حەمەد/نوێنەری حزبی زەحمەتکێشان لە بنکەی ٢٠١ وێستگەی ٧:** خروقات

هەیە، چونکە خەڵکی بانگەشە بۆ لیستی کوردی لە پەرلەمانی عێراق و کوردستان دەکەن و باسی حزبەکانی دیکە ناکەن، بە ئاشکرا دەڵێن بۆ عێراق ١٣٠ لێبدەن و بۆ کوردستان ٢٦٢، بەڵام لە ئاستی پارێزگادا هیچ خروقاتم نەدیوە.
**هەر لە هەمان بنکە بەڕێز حەمەسور تریفەیی بەرپرسی لیژنەی ئەمنی بنکەکە گوتی:** لێرە پرۆسەکە بەشێوەیەکی باش بەڕێوەدەچێت تەنیا دوو حاڵەت تۆمارکراوە ئەویش دوو برادەری سەر بە یەکێتی لە بنکەیەکی دیکە دەنگیان دابوو، دەستیان پاککردبووەوە هاتنە ئێرە دەنگ بدەن ڕێگایان پێنەدرا.
**محەمەد تەها نوێنەری (ی.ن.ک) لە وێستگەی خانزاد:** لەم بنکەیەدا هیچ گرفتێک و خروقاتێک ڕووینەداوە زۆر دڵخۆش و ئاسوودەین.
**شادان قادر تەها/نوێنەری پ.د.ک لە وێستگەی پەیمانگای هونەرە جوانەکان:** پرۆسەکە بەبێ گرفت بەڕێوەچوو بەبێ گرفت.
**ئەمین جەباری: نوێنەری یەکگرتووی ئیسلامی لە وێستگەی پەیمانگای هونەرە جوانەکان:** پرۆسەکە دەتوانین بڵێین لەسەدا نەوەد سەرکەوتوو بوو، ئەمەش هەنگاونانە بەرەو قۆناغێکی باشتر و تازەتر.
**نەبیل موحسین کەریم/بەڕێوەبەری وێستگەی ٢١١:** لەم وێستگەیەی ئێمەدا کە نزیک مزگەوتی (سەواف) هیچ شتێکی نایاسایی نەکراوە کە پێچەوانەی ڕێنماییەکانی کۆمیسیۆنی باڵا بێت، هەروەها ئەو ئارامی و ئاسایشەی حکومەتی هەرێم دابینی کردبوو بووە هۆی زۆرتر بەشداربوونی جەماوەر بە دڵنیاییەوە لە پرۆسەی هەڵبژاردندا و سەرکەوتن هەر بۆ کورد وکوردستان دەبێت.
**دلێر ڕەسوڵ حەسەن/نوێنەری یەکێتی نیشتمانی کوردستان لە وێستگەی ٢١١:** لە ڕاستیدا هەڵبژاردنەکە بە شێوەیەکی ڕێکوپێک بەڕێوەچوو، دەستخۆشی لە تەواوی ئەوانە دەکەم کە لەگەڵمان ماندووبوون لەم پرۆسەیەدا، ئەوەی مایەی دڵخۆشییە شاری هەولێر لەم پرۆسەیەدا لە کردراری تیرۆریستی بە دوور بوو.
**سەباح ئەحمەد فەقێ/نوێنەری حزبی زەحمەتکێشان لە وێستگەی پەیمانگای پێگەیاندنی مامۆستایان:** پرۆسەکە بەرێکوپێکی کۆتایی هات بەبێ هیچ خروقاتێک سوپاسی حکوومەتی هەرێمی کوردستانیش دەکەین بۆ بەرقەرارکردنی ئاسایش و ئارامی لەم رۆژەدا.
**تەلعەت ئیسماعیل نوێنەری پارتی پارێزگاران لە وێستگەی پەیمانگای پێگەیاندنی مامۆستایان:** بەراستی پرۆسەکە زۆر سەرکەوتووبوو بەبێ هیچ دەستێوەردانێک تەواو بوو ئەوە خەریکی جیاکردنەوەی دەنگەکانین.
**تاریق زیاد/ لە وێستگەی چوار:** لێرە هیچ گرفت ڕووینەداوە ئێستا کاتژمێر چواری ئێوارەیە واتە یەک کاتژمێر ماوە ئەویش تەواو دەبێت پشت بە خوا.
**ئیحسان جەمیل عەباس/بەڕێوەبەری وێستگەی خانزاد:** لێرە دەنگدان تەواو بوو کاتژمێر ٥,٣٠ دەقیقەیە بەبێ گرفت بەڕێوەچوو خەڵک ئازاد بوو لە دەنگدان و هیچ دەستێوەردان و خروقاتێک ڕووی نەدا.